# خانووی ستۆکهۆڵم

## یاساکانی ئاسایش

بەپێی یاساکانی کرێ دەبێ کرێچی کارێکی وەها بکات کە دراوسێکان تووشی بێزاری نەبن، هەروەها ڕەچاوی هەموو ئەوانەش بکات کە پێویستن بۆ پاراستنی تەندروستی، ئاسایش و هەلومەرجی باشی خانووبەرەکە. کرێچییەکە تەنانەت ئەرکی ئەوەشی لەسەرە کارێکی وەها بکات کە ئەو یاسایە لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەیەوە، میوان یاخود کەسێکی تر کە خۆی هێناویەتە نێو شوقەکەوە، یاخود ئەو کەسانەی لەوێ بۆ ئەو ئیش دەکەن کاری پێ بکرێ.

بە ئامانجی هێنانەدیی ئەو ڕێسایانە، کرێچییەکە پابەند دەبێ بە ڕەچاوکردنی یاساکانی ئاساییش بەو شێوەیەی کە لە خوارەوە هاتووە. ڕێساکان کتومت تەواو نین و ئەوەش بەمانای ئەوەیە کە تەنانەت شتی لەو جۆرەش کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ نەدراوە، ناشێ وەک ئەرکەکانی کرێچییەکە کە لە سەرەوە باس کرا فەرامۆش بکرێن، بەوەی کە دراوسێکان تووشی بێزاری نەکرێن.

بۆ خۆشبەختیی هاوبەشانە سەرجەم کرێچییەکان پابەند دەبن بەوەی کە:

1. مووسیک بە شێوەیەک لێنەدرێ کە ببێتە هۆی بێزاری لەلای ئەوانەی لەو دەوروبەرە دەژین.
2. لە کاتژمێر 20.00 هەتا 08.00 بزمار دانەکوترێ و بە درێل کونا نەکرێ.
3. لە درەنگانی ئێوارەدا خۆ لەوە دووربخرێتەوە کە ئاو بە ئاودەستدا بکرێ.
4. کەلوپەلی وەک تاقمی نێو ماڵ، فەرش، باسکیل، عەرەبانەی منداڵ، خلیسکێنە یاخود شتی تری لەو شێوەیە لەبەر دەرگەی چوونەژوورەوە، لەسەر پلیکانەی خانووەکە، لە هەورەبان- یاخود ڕێڕەوەکانی ژێرزەمیندا دانەنرێن کە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم هاتوچۆ.
5. دەستبەجێ ئاگاهی لەسەر هەڵەکان یاخود کەموکورییەکان بدرێ کە لە شوقەکەدا پەیدادەبن.
6. چاوەدێریی ئاژەڵی نێو ماڵ بکرێ بە شێوەیەک کە ئاژەڵەکە زیان بە یاریگاکان، پانتاییی باخچەکان یاخود شوێنەکانی تر نەگەیەنێت و پیسیان نەکات، هەروەها کارێکی وەها بکرێ کە ئاژەڵەکە بەرەڵڵا بەنێو خانووبەرەکاندا غار نەدات و نەبێتە هۆی دەنگی بێزارکەر، هەروەها لە پەنجەرە، باڵکۆن و سەر زەوی دان بە باڵندە نەدرێ.
7. بەبێ مۆڵەتی خاوەن خانوو ئانتێننی سەتەلایت، ئانتێننی دیوی دەرەوە، تابلۆ، کەپر یاخود هی لەو شێوەیە نەبەسترێن.
8. لە باڵکۆن، بەرهەیوان یاخود لە دەرەوە و نزیکی ماڵەکە گۆشت نەبرژێندرێ.
9. سندووقی گوڵ لە دیوی دەرەوەی باڵکۆن- یاخود لە پەرژینی بەرهەیوان دانەنرێ، هەروەها فەرش و پۆشاکی تەختی خەو لە پەنجەرە یاخود باڵکۆنەوە نەتەکێنرێن.
10. لە شوێنە گشتییەکانی خانووبەرەکەدا سیگار نەکێشرێ.
11. قەرەبوو بدرێتەوە بە "خانووی ستۆکهۆڵم" بۆ سەردانی لەلایەن ئێشکچیی تایبەت بە بێزارکردن، هەروەها قەرەبووکردنەوەی پارە ئەگەر "خانووی ستۆکهۆڵم" ناچار بێ کەلوپەل لاببات.